# داکۆکیکارانی مافی ئافرەت وێڕای هەوڵەکانیان نەیانتوانیوە سنوورێک بۆ کوشتنی ئافرەت دابنێن



**کوشتنی ئافرەت بە بیانووی جۆراوجۆر و لە ژێر هەر پاساوێکدا لە لایەن زۆربەی دەوڵەتانی جیهان و حکومەتی هەرێمی کوردستانیشەوە سزای قورسی بۆ دیاری کراوە، لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا ئەو تاوانە رێژەیەکی بەرزی هەیە و بە پێی ئامارەکانی کوشتنی ئافرەت لە ساڵی ٢٠١٧ کە نووسینگەکانی نەهێشتنی تاوان و بەڕێوەبەرایەتییەکانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان تۆماریان کردووە، لە ساڵی رابردوو زیاتر لە ٥٠ ئافرەت کوژراون. چالاکانی بواری مافی ئافرەتان جەخت لەوە دەکەنەوە کە سەرەڕای هەوڵەکانی حکومەتی هەرێم و بوونی یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی کە زیاتر لە حەوت ساڵە لە هەرێمی کوردستان کاری پێ دەکرێت، هێشتا نەیانتوانیوە سنوورێک بۆ کوشتنی ئافرەت دابنێن و رۆژانە لێرە و لەوێ ئافرەت بە پاساوی شەرەف دەکوژرێت. بەشداربووانی ئەم راپۆرتەی گوڵان زیاتر تاوتوێی ئەو پرسە دەکەن.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

ئێوارەی رۆژی ٢٠١٨/١٠/٣٠ لە گەڕەکێکی شاری هەولێر کچێکی تەمەن ١٧ ساڵان بە ناوی (شەیما) بە دەستی برایەکی کوژرا. رائید هۆگر عەزیز گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر، لەو بارەیەوە رایگەیاند: «پۆلیس ئاگادارکرایەوە کە کچێك لە گەڕەکی رۆشنبیرانی شاری هەولێر لە ماڵەکەی خۆیاندا خۆی کوشتووە، بەڵام دوای لێکۆڵینەوە دەرکەوت کە کچەکە کوژراوە». گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر ئاشکرای دەکات کە «یەکێك لە براکانی کچەکە بە ناوی (م) کە تەمەنی ٢٠ ساڵە، دەستگیر کراوە و دانی بەوەدا ناوە کە خوشکەکەی بە چەکی کلاشینکۆف کوشتووەو ٧ گوللەی پێوە ناوە، سەبارەت بە هۆکارەکەشی بکوژەکە وتوویەتی، خوشکەکەی چووەتە دەرەوە و دوو رۆژ نەگەڕاوەتەوە ماڵەوە، بۆیە کوشتوویەتی. هەروەها دەڵێن دایکی مۆبایلی بە دەستی کچەکەیەوە بینیوە و بانگی کوڕە گەورەکەی کردووە کە دراوسێی خۆیانە، ئەویش هاتووە و کوشتوویەتی. تەنانەت خێزانەکەی پرسەشیان بۆ دانەنا».

**تاوانبارو ئەنجامدەرانی توندوتیژی پاش سزایەکی کەم ئازاد دەکرێن، ئەوەش وایکردووە پیاوان لە کوشتنی ئافرەت سڵ نەکەنەوە**

ئەوە لە کاتێکدا دێت کە چەند یاسایەك لە بەرامبەر کوشتنی ئافرەتان هەموار کراوەنەتەوە، لەوانە:

١- یاسای ژمارە (١٤) ساڵی (٢٠٠٢):

«ئەنجامدانی تاوان لە دژی ئافرەت بە بیانووی پاڵنەری ئابڕووپارێزی بە بەهانەی یاسایی دانانرێت بۆ سووککردنی سزا بۆ مەبەستەکانی جێبەجێکردنی دادکارییەکانی ماددەکانی (١٢٨ و ١٣٠ و ١٣١) لە یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩) هەموارکراو.»

**یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی بەهۆی نزمیی ئاستی هۆشیاری یاسایی تەنانەت لەلای بەشێک لە رێکخراوەکانی داکۆکیکار لە مافی ئافرەت رێچکەی سرووشتیی خۆی نەگرتووە**

٢- یاسای ژمارە (٤٣)ی ساڵی (٢٠٠٤):

«راگرتنی جێبەجێکردنی ئەو سزاییەی لە ماددەی (١٤٤) لە یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١١) ی ساڵی (١٩٦٩) هەموارکراو هاتووە پیادە ناکرێت لەسەر ئەو تاوانانەی لە دژی ئافرەتی بە شوو ئەنجام دەدرێت.»

٣- لە یاسای لێبوردنی گشتی لە هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠٠٧)» لە ماددەی (٧) هاتووە: «دادکارییەکانی ماددەکانی (١و٢و٤و٥) لە یاساکە پیادە ناکرێت لەسەر ئەو حوکمدراوانەی راهاتوون و ئەنجامدەرانی ئەم تاوانانەی لای خوارەوە لە بڕگەی (١١) هاتووە (کوشتن بە بیانووی پاڵنەری ئابڕووپارێزی.»

**دەرکردنی یاسای باش بەتەنیا نابێتە هۆی بنبڕکردنی توندوتیژی، یان کوشتنی ئافرەت، بگرە پێویستی بە هەڵماتی نیشتمانی بۆ هۆشیاری لە گشت ئاستەکانی کۆمەڵایەتی و ئایینی هەیە**

٤- لە یاسای لێبوردنی گشتی لە هەرێمی کوردستان عێراق ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠١٢) لە ماددەی (٦) بڕگەی (٩) هاتووە ئەنجامدەرانی ئەم تاوانانەی لای خوارەوە یاساکە نایانگرێتەوە

(کوشتن بە بیانووی ئابڕووپارێزی ).
جگە لەو یاسایانەی لای سەرەوە لە یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١١) ی ساڵی (١٩٦٩) ی هەموارکراو سزا دیاری کراوە بۆ تاوانەکانی کوشتن بە گوێرەی بارودۆخی ئەنجامدانی تاوانەکە و لەبەر ئەوەی ئەم تاوانە بە مەبەست ئەنجام دەدرێت بۆیە بە کوشتنی بەئەنقەست دادەنرێت.
عەونی عەلی راوێژکار لە پەرلەمانی کوردستان، سەبارەت بەو پرسە دەڵێت: «لە روانگەی کارەکەم وەك راوێژکاری پەرلەمانی کوردستان دەتوانم بڵێم کە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە، هەرێمی کوردستان لە ریزبەندی پێشەوەی وڵاتانی کراوە و پێشکەوتوو لە رووی کۆمەڵایەتی دێت، بەتایبەت لە رووی ئەو یاسایانەی کە بە مەبەستی پاراستی مافی ئافرەت دەرکراوە، بەڕای من ((یاسای ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠١١یاسای بەرەنگاربوونەوەی خێزان لە توندوتیژی لە هەرێمی کوردستان)) یەکێکە لە هەرە یاسا باشەکان کە پەرلەمانی کوردستان دەریکردووە و مافی ئافرەت تا رادەیەکی یەکجار زۆر دەپارێزێت، بەڵام مەخابن ئەم یاسایە بەهۆی نزمیی ئاستی هۆشیاری یاسایی تەنانەت لەلای بەشێك لە رێکخراوەکانی داکۆکیکار لە مافی ئافرەت رێچکەی سرووشتیی خۆی نەگرتووە.
ئەمە لەلایەك، لەلایەکی ترەوە تەنیا دەرکردنی یاسای باش بەتەنیا نابێتە هۆی بنبڕکردنی توندوتیژی، یان کوشتنی ئافرەت، بگرە پێویستی بە هەڵماتی نیشتمانی بۆ هۆشیاری لە گشت ئاستەکانی کۆمەڵایەتی و ئایینی هەیە.»
گوتیشی: «رێکخراوەکان و کەسانی داکۆکیکار لە مافی ئافرەت درێغییان نەکردووە، بەڵام لەبیرمان نەچێت، ئێمە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەژین کە تێیدا لە زۆرێك لە وڵاتانیدا ئافرەت ناتوانێت هەندێك کار، یان پۆست وەربگرێت، تەنیا لەبەر ئەوەی ئافرەتە، هەر بۆیە ئەم بابەتە هەستیارە پێویستی بە خەبات و تێکۆشانی بێوچان هەیە و لەگەڵ گۆڕانی سەردەم پێویستی بە مێتودی نوێ هەیە و تا ژیانیش بەردوام بێت، تێکۆشان بەردەوام دەبێت.»
سندوس حسێن هەڵەبجەیی چالاکی بواری مافەکانی ئافرەت، هێما بۆ ئەوە دەکات کە «هەرچەندە بۆ کەمکردنەوەو هەوڵدان بۆ بنبڕکردنی دیاردەی توندوتیژی، بەردەوام چەندین رێکخراوی جیهانی و نێوخۆییەکان کاردەکەن بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو تاوانە، بەڵام وەك دەیبینین حالەتەکان روو لە زیادبوونن، بۆیە دەتوانین بڵێین کەمترین ئەنجام هەبووە بۆ کەمکردنەوەی ئەم دیاردەیە، سەبارەت بە هۆکاری ئەوەش گوتی:
«بە رای من هۆکارەکەی زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پێشکەوتنە کۆمەڵایەتی و پیشەسازییانەی لە ناو کۆمەڵگەکاندا دروست دەبن، کە بە خێرایی زیاتر گەشە دەکەن.» نموونەشی بەوە هێناوە کە «هەمیشە لە وڵاتە پێشکەوتووەکانەوە دەستپێشخەری کراوە بۆ دروستکردنی رێکخراوی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژییەکان و رێکخراوە مرۆییەکان، بێگومان ئەم رێکخراوانەش بۆیە دروست بوون، بەهۆی زۆریی ئەو ناعەدالەتی و توندوتیژییانە بووە کە لە ناوچەکەیاندا بوونی هەبووە و ئافرەت بە رێژەیەکی زۆر پەراوێز خراوەو لە کۆمەڵگەکەیاندا بە پلە دوو سەیر کراوە، بۆیە بە هەموو جۆرێك رووبەڕووی توندوتیژی و سەرکوتکردن هاتوون، بەمەش ئافرەت ئیتر دەستەوەستان نەوەستاوە، بە هۆی کرانەوەی فیکری و تێگەیشتنی لە گەمەی پیاو و قبووڵنەکردنی ژێردەستەیی بە ناوی خاوەندارێتی پیاو بۆ ژن، کەوتنە هەوڵدان بۆ گەڕاندنەوەی ماف و شکۆ و دەسەڵاتی خۆیان، کە تا ئێستاش لە نێو کۆمەڵگەدا بۆ پاراستنی ماف و ئەرکەکانی خۆیان تێدەکۆشن، پاڵپشتیی ژمارەیەکی باش لە پیاوانی ئازادیخواز و مافپەروەریش کە هەمیشە پاڵپشت بوون بۆ سەرخستنی شۆڕشی فیکری و هەستانەوەی ئافرەتان لە ئاست نادادپەروەرییەکان، ئاسانکاری بۆ کردوون.»
بەڵام لەگەڵ بوونی سەرجەم رێکخراوەکانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان، دیاردەی کوشتنی ئافرەتان هەر بەردەوامەو رەنگە لە زۆر شوێن رێژەکانیش زیاتر ببن بە بەراورد بە ساڵانی پێشتر، سەبارەت بەوەش سندوس حسێن هۆکارەکەی بە چەند خاڵ دیاری دەکات:
* هەڵمەتی بەرەنگاربوونەوەی تەندوتیژی تا ئیستا وەك مەنهەجی خوێندن گرنگییەکی ئەوتۆی پێ نەدراوە، کە پێویستە لە باخچەی ساوایانەوە تا دواقۆناغەکانی خوێندن گرنگی پێ بدرێت.
* نەبوونی پەیوەندیی جددی و هەماهەنگی لە نێوان رێکخراوە مەدەنی و حکوومییەکان و کارنەکردنی پێویست بۆ ئەم مەبەستە.
* دەزگاکانی راگەیاندن هاوکار نین و زۆر جار ئەو دەزگایەش کە بە ناوی داکۆکییەوە کاردەکات، جیاوازیی چینایەتی و فیکری و ئایینی زۆری تێدا بەدی دەکرێت، کە گوێگر و بیسەر گرنگی و بایەخی پێ نادەن.
*گرنگینەدان بە پەروەردەی خێزانی و نەبوونی چاودێری خێزانی.
* لاوازیی دەزگاکانی دادپەروەری و سزانەدانی

هەڵمەتی بەرەنگاربوونەوەی تەندوتیژی تا ئیستا وەک مەنهەجی خوێندن گرنگییەکی ئەوتۆی پێ نەدراوە، کە پێویستە لە باخچەی ساوایانەوە تا دواقۆناغەکانی خوێندن گرنگی پێ بدرێت

دەزگاکانی راگەیاندن هاوکار نین و زۆر جار ئەو دەزگایەش کە بە ناوی داکۆکییەوە کاردەکات، جیاوازیی چینایەتی و فیکری و ئایینی زۆری تێدا بەدی دەکرێت، کە گوێگر و بیسەر گرنگی و بایەخی پێ نادەن

کۆمەڵگەی ئێمە مەیل و حەزی بە داخراوییە و حکومەت و دەسەڵات هێشتا نەیانتوانیوە ئەو تەوقەی شەرع و فەتوا و کولتوورە جیا بکەنەوە کە ئافرەتی بە هەڵە داپڵۆسیوە و تا ئەمڕۆ بانگەشەی لە زیادبووندایە

تاوانباران و ئەنجامدەرانی توندوتیژی کە هەمیشە پاش سزایەکی کەم ئازاد دەکرێن.

* زیادبوونی فشارە دەروونییەکان کە بەهۆی گۆڕانکارییە خێراکان دروست دەبن، چ پێشکەوتنی پیشەسازی بێت، چ سەرهەڵدانی شەڕ و ئاژاوەو داگیرکاری .»

رۆزار ئەحمەد نووسەر و مامۆستای قۆناغی ئامادەیی لە داقوق، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «پێموایە لە کۆمەڵگەی ئێمە و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی شێوازی پەروەردەکردن و چۆنیەتی هەڵسوکەوت لەناو خێزان و گەڕەك و تا دەگاتە شەقام و شار لەگەڵ ئافرەتدا هێشتا نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی لە رووی ماف و ئازادی و کارو دەسەڵاتەوە بە راستی دانی پێدا بنێن، ئەوەی دەگوزەرێ لە ناو بازنەیەکی بچووك و تەنگ و تارە و دەرەوەی بە حوکمی نێرینە داپۆشراوە، ئەمە لەلایەك، لەلایەکی ترەوە رێکراوەکانی ژنان نەیانتوانیوە کاراترو واقیعییانەو مەیدانییانە بێنە گۆڕێ، ئەگەر تەماشای هەوڵەکانیان بکەین، دەبینین تاوان و تاوانباران پێشتر و ئێستا جیاوازییەکی وایان نییە، ئەمەش ئەوەمان بۆ روون دەکاتەوە کە کۆمەڵگەی ئێمە مەیل و حەزی بە داخراوییە و حکومەت و دەسەڵات هێشتا نەیانتوانیوە ئەو تەوقەی شەرع و فەتوا و کولتووره جیا بکەنەوە کە ئافرەتی بە هەڵە داپلۆسیوە و تا ئەمرۆ بانگەشەی لە زیادبووندایە، بۆیە تاوەکو ئەو کولتووره چەند سەد ساڵە جیا نەکەینەوە، بەکارکردن و سزادانی سەرپێچیکەران بە ئەنجام ناگەین، دواتر خودی ژنان و ئافرەتان ئەو جورئەتەیان تێدا نەخوڵقاوە دەربچنە سەرشەقام، دیارە ئەمەش باج و قوربانی دەوێ، نموونەیش وڵاتانی مەغریب و تونس، کە ئافرەتان بە قوەتی خۆیان توانییان بەیاسا بیچەسپێنن و بگەن بەو ئازادییەی کە ئافرەت بۆ قۆناغێکی دی دەپەڕێنێتەوە.» گوتیشی: «بەداخەوە هەموو دۆسییەکی کوشتنی ئافرەتان بە تۆمەتی شەرەف و کێشەی کۆمەڵایەتی لە دادگا دادەخرێ، بە روون و ئاشکراش دیارە ئەوانەی تۆمەتبارن بەو پاساوە، رزگاریان دەبێ، ئەوەش وایکردووە سڵ لە کوشتنی ئافرەت نەکرێتەوە. بۆیە بە بۆچوونی من گرووپێکی دادپەروەرانە لەناو دادگای هەرێمدا پێك نەهێنراوە کە بە تەواوی هێز و تواناوە رووبەڕووی ئەو دۆسیانە ببێتەوە و ئەوانەی رایانگرتوون بە مادەی یاسایی بدرێنەوە دادگا.»

**خودی ژنان و ئافرەتان ئەوو جورئەتەیان تێدا نەخوڵقاوە دەربچنە سەرشەقام و داوای مافی خۆیان بکەن، ئەمەش باج و قوربانی دەوێ**

**هەموو دۆسییەکی کوشتنی ئافرەتان بە تۆمەتی شەرەف و کێشەی کۆمەڵایەتی لە دادگا دادەخرێ، بە روون و ئاشکراش دیارە ئەوانەی تۆمەتبارن بەو پاساوە، رزگاریان دەبێ، ئەوەش وایکردووە سڵ لە کوشتنی ئافرەت نەکرێتەوە**



# ٢٥ی نۆڤەمبەر

## هەڵمەتێکی دیکەی نیشتمانی لە ساڵیادی ڕۆژی جیهانیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتوتیژی دژ بە ئافرەتان



**ئەگەرچی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان بە بنەمای پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەکانیان دادەنرێت و، ڕۆژی ٢٥ی نۆڤەمبەر لەلایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، وەك ڕۆژی جیهانیی بۆ نەهێشتنی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان دیاری کراوە، بەڵام هەتا ئێستا ئەوە دیاردەیە لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا تەنگی بە ئافرەتان هەڵچنیوە، ئافرەتانی کوردستانیش لەو پەتایە بەدوور نین و، سەرەڕای ئەوەی لەسەر دەستی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان (نێچیرڤان بارزانی) هەنگاوی بەرچاو نراون و، کار و چالاکیی بەرفراوان کراون و، دۆخی ئافرەتانی کوردستان بەراورد بە ئافرەتان لە عێراق و وڵاتانی ناوچەکە زۆر باشترە، بەڵام هێشتا ئامارەکانی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان ئامارێکی ویژدانهەژێنە و ئەوەش ئەرکی ڕێکخراوە حکوومی و ناحکوومییەکان قورستر دەکات. لێرەدا پرسیار ئەوەیە: ئایا چالاکی و ڕێوڕەسمەکانی ڕۆژی جیهانیی ٢٥ی نۆڤەمبەر کە لە هەرێمی کوردستاندا ساڵانە ئەنجام دەدرێت و زیاتر لە دوو هەفتە (١٦ ڕۆژ) دەخایەنێت، تا چەند توانیویەتی وەك میکانیزمێکی کارای کۆمەڵایەتی و ڕێکارێکی ئەرێنی بۆ نەهێشتنی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان، یان لانیکەم کەمکردنەوەی ئەو دیاردەیە ڕۆڵی هەبێت؟ بەشداربوونی ئەم ڕاپۆرتەی گوڵان ڕوانگە و بۆچوونی خۆیان بۆ ئەو پرسە هەیە.**

## گوڵان: کۆمەڵایەتی

٢٥ی نۆڤەمبەری ساڵی ١٩٦٠ لە وڵاتی دۆمێنیکان سێ ئافرەت (پاتریا، مینروا، ماریا ترێزا) کە بە «خوشکانی میرابال» ناویان دەرکردووە، بەهۆی دەست و پێوەندەکانی «ترۆئیلۆ» دیکتاتۆری دۆمێنیکەن، کوژران. پاتریا، مینروا و ماریا ترێزا کچی «ئینریکە میرابال» و «ماریا مێرسدێس» بوون. ئەم سێ خوشکە و مێردەکانیان لە خەباتگێڕانی شێلگیری دژ بە ڕژێمی «تروئیلۆ» بوون، هەرسێکیان نموونەی بەرزی خەبات و خۆڕاگری بە دژی حکومەتی ملهوڕانەی ئەو دیکتاتۆرە بوون. لە ڕەوتی خەباتدا هەر کامێکیان چەندین جار کەوتبوونە بەندیخانە. تێکۆشەرانی ئەم بزووتنەوە نهێنییە لە سەرانسەری وڵاتدا کەوتنە بەر ڕاوەدوونان، لە ٢٥ی نۆڤەمبەری ١٩٦٠دا خوشکانی میرابال، لە کاتێکدا بۆ دیتنی مێردە بەندکراوەکانیان دەیانبردن، بە دەست بەکرێگیراوانی «ترۆئیلۆ» و بە فەرمانی ڕاستەوخۆی ناوبراو، کوژران. ئەو تاوانە بووە هۆی تووڕەیی و بێزاریی گشتی خەڵك و هەروەها بووە یەکێك لە هۆکارەکانی بەرەوپێشبردنی خەبات بە دژی دیکتاتۆریی تروئیلۆ. ساڵێك دوای کوشتنی خوشکانی میرابال، حکومەتی تروئیلۆ کۆتایی پێهات. ئەم خوشکانە کە نازناوی (پەپوولە لەبیرنەکراوەکان)یان پێدراوە، بوون بە سیمبولی خۆڕاگری و خەبات بە دژی ستەم دەرحەق بە ژنان. دواتر ڕۆژی٢٥ی نۆڤەمبەر لەلایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، وەك ڕۆژی جیهانیی نەهێشتنی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان قبووڵ کرا.

یەکەمجار لە ساڵی ١٩٨١ لە لایان فیمێنیستەکانی ئەمریکا ڕۆژی ٢٥ی نۆڤەمبەر وەکو ڕۆژی خەبات دژی توندوتیژی، یان نەهەیشتنی توندوتیژی دەستنیشان کرا، پاشان لە ١٧ ی دیسەمبەر ساڵی ١٩٩١ لە لایان ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتەوەکانەوە وەکو ڕۆژی جیهانیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی ڕاگەیاندرا.

لە ڕۆژی جیهانیی ٢٥ی نۆڤەمبەری هەموو ساڵێك لە هەرێمی کوردستانیش هەڵمەتی نیشتمانیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان دەستپێدەکات و بۆ ماوەی ١٦ ڕۆژ بەردەوام دەبێت. وێڕای ڕۆڵی ئەرێنیی ئەو جۆرە چالاکییانە، بەڵام بەشێك لە چالاکانی بواری مافەکانی ئافرەت ڕایانوایە کە ئەو هەڵمەتە نەیتوانیوە مۆرکی دیاردەی توندوتیژی کاڵ بکاتەوە، لە بەرامبەر ئەو بۆچوونەشیان هێما بۆ ئەوە دەکەن کە ساڵ لە دوای ساڵ ڕێژەی توندوتیژییەکان لە هەڵکشاندا بووە، لە بەرامبەر ئەو بۆچوونەدا ڕایەك هەیە کە پێیوایە، بوونی ناوەند و ئەنجومەنی تایبەت بە خانمان و هەروەها کاری بەڕێوەبەرایەتییەکانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان تا ڕادەیەکی زۆر توانیویەتی بە سەر دیاردەی توندوتیژی دژی ئافرەتاندا زاڵ بێت، بۆ سەلماندنی بۆچوونەکەشیان ئاماژە بەوە دەکەن، کە ڕێژەی پەنابردن بۆ تۆمارکردنی سکاڵای ئافرەتان زیادی کردووە و ئەوەش تا ئاستێکی بەرز پاشەکشەی بەو پیاوانە کردووە، کە لە دژی ئافرەت و بەتایبەتی هاوسەریان توندوتیژی بەکار دەهێنن.

هەر لەو بارەیەوە پرۆفیسۆری یاریدەدەر د. نەزاکەت حسێن، لە ئاخاوتنێکیدا بۆ گوڵان، سەرەتا هێما بۆ ئەوە دەکات کە «یادکردنەوەی هەر بۆنەیەك زیاتر زیندووڕاگرتنیەتی و یادخستنەوەیەکە بۆ دەوروبەر، هەر بۆنە و یادێکیش خەلفییەت و مێژوویەکی تایبەت بە خۆی هەیە، لە سەرتاسەری جیهانیش یادکردنەوەی جۆراوجۆر هەیە، ڕۆژی

**”کەمکردنەوەی توندوتیژی بە پەروەردەیەکی زانستی و میدیاکی بەرپرس و پاککردنەوەی سیستمی پەروەردە لە توندوتیژی دەستەبەر دەکرێت“**

**لە کۆمەڵگەی ئێمەدا میدیا بووەتە یەکێک لە سەرچاوەکانی وەبەرهێنانی توندوتیژی لە منداڵ و ژن و پیاودا، زۆربەی بەرنامەکانیان نامۆیە بە کۆمەڵگەی کوردی و پڕن لە سووکایەتی و توندوتیژی**

**میدیاکان هەندێ بەرنامە بڵاو دەکەنەوە کە تەنیا نائومێدی بە گەنج دەبەخشێت، ئەمە بووەتە داینەمۆی بەرهەمهێنانی توندوتیژی**

**لە کۆمەڵگەی ئێمەدا قەیرانی سیاسی و قەیرانی ئابووری و کۆمەڵایەتی ژینگەیەکی نائارامی دروست کردووە، توندوتیژییش لەو نائارامییەوە سەرچاوە دەگرێت**

**دەبێت میدیا لەو ململانێیە سیاسییە هێرشبەرە پاك بکرێتەوە. دەبێت سیاسییەکان لە بری ململانێی نارەوای یەکتری، بیر لەوە بکەنەوە کە دەرفەتی یەکسان بۆ تاکەکانی کۆمەڵگە مسۆگەر بکرێت و خەڵکی کەمداهات ئاوری لێ بدرێتەوە**

جیهانیی نەهێشتنی توندوتیژی دژ بە ئافرەتانیش یەکێکە لەوانە، بەڵام گرینگ ئەوەیە ئەو بۆنە و یادخستنەوانە تا چەند کاریگەرییان دەبێت.» هاوکات دەڵێت: «کاریگەریی ئەو بۆنە و یادانە دەکەوێتە سەر سیستمی حوکمرانی و ئەو چالاکییە مەدەنییانە کە بە درێژای ساڵ لەو بوارەدا کاریان کردووە، نەك تەنیا رۆژێك کە لە ریۆرەسمێکدا یادی بکرێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو ساڵیاد و ریۆرەسمانە بایەخی تایبەتیی خۆیان هەیە و دەکرێ راسپاردەی کۆنفرانس و سمینارەکانی لە سەر ئەجیندای پەرلەمان و حکومەت و لایەنە پەیوەندیدارەکانی وەك میدیا و رێکخراوەکانی مەدەنی کاریگەریی ئەرێنی هەبێت. هەروەها دەبێت ئامار و داتای تەواو پێشکەش بکەن، کە رێژەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان تا چەند بەرز و نزم بووەتەوە و هۆکار و رێگەکانی چارەسەریشی دەستنیشان بکەن. لە هەرێمی کوردستانیش کە هەڵمەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتوتیژی دژ بە ئافرەتان بۆ ماوەی دوو هەفتە بەرێوە دەچێت، لەو ماوەیەدا تەنیا دەتوانین داتاکان و رێکارەکانی هوشیارکردنەوەی تاك بخەینەروو. واتە بێگومان لە ماوی یەك دوو هەفتەدا ناتوانین کۆتایی بەو دیاردەیە بێنین، یان کەمی بکەینەوە، دەبێت بەردەوام کار لەسەر سەرچاوەکانی وەبەرهێنانی توندوتیژی و هوشیارکردنەوەی تاك و چارەسەری کێشەکە بکەین. لە کۆمەڵگەی ئێمەدا میدیا بووەتە یەکێك لە سەرچاوەکانی وەبەرهێنانی توندوتیژی لە منداڵ و ژن و پیاودا، زۆربەی بەرنامەکانیان نامۆیە بە کۆمەڵگەی کوردی و پڕن لە سووکایەتی و توندوتیژی، تەنانەت لە یارییەکانی منداڵان و ئەفلام کارتۆنەکاندا رەچاوی رەنگدانەوەی ئەو توندوتیژییانە نەکراوە. هەندێ فیلم و گۆرانی بڵاو دەکەنەوە کە تەنیا نائومێدی بە گەنج دەبەخشێت، ئەمانە بووەتە داینەمۆی بەرهەمهێنانی توندوتیژی، سەرەڕای ئەوەی لە کۆمەڵگەی ئێمەدا قەیرانی سیاسی و قەیرانی ئابووری و کۆمەڵایەتی، ژینگەیەکی نائارامی دروست کردووە، توندوتیژییش لەو نائارامییەوە سەرچاوە دەگرێت.» گوتیشی: «کەمکردنەوەی توندوتیژی بە پەروەردەیەکی زانستی و میدیاکی بەرپرس و پاککردنەوەی سیستمی پەروەردە لە توندوتیژی دەستەبەر دەکرێت. دەبێت میدیا لەو ململانێیە سیاسییە هێرشبەرە پاك بکرێتەوە. دەبێت سیاسییەکان لە بری ململانێی نارەوای یەکتری، بیر لەوە بکەنەوە کە دەرفەتی یەکسان بۆ تاکەکانی کۆمەڵگە مسۆگەر بکرێت و خەڵکی کەمداهات ئاوری لێ بدرێتەوە، پێشینیان وتوویانە: «کاسەی پڕ، ئاشتیی ماڵە«، بەڵام ئێمە لە کۆمەڵگەیەکین کە زیاتر قسە دەکەین و پراکتیکمان کەمە، بۆ نموونە دەتوانین ئاماژە بەوە بکەین، لە کۆنفرانس و ساڵیادەکان هەندێ وتار دەدرێت، بێ ئەوەی بەڵێنی بەدواداچوونی بدەن، یان راسپاردەی کۆنفرانس و ریۆرەسمی بۆنەکان دەگاتە لایەنی پەیوەندیدار، بەڵام جێبەجێی ناکان.»

نووسەر و رۆشنبیری کورد سەرفراز نەقشبەندی، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «بەرەنگاری توندوتیژی پاکێتەکی شوکلێت نییە، هەر ساڵ جارێك بە هەفتەیەك لەسەر کومەڵگە بڵاو بکرێتەوە، بەڵکو کێشەیەکی قووڵ و دیروکییە لەناو کومەڵگەدا و پێویستی بە پرۆگرامی زانستی و بنەڕەت هەیە کە دەبێت حوکمەتی کوردستان پلانێکی ستراتیژیی زانستی و دوورخایەنی بۆی هەبێت. سەرەتا لە باخچەی ساوایان و قوتابخانەکان بە مەنهەجێکی هاوچەرخ دەست پێ بکەن، چونکە ئەوەی ئێستا رێکخراوەکانی نەهێشتنی توندوتیژی ئەنجامی دەدەن، تەنیا هەوڵدانە بۆ چارەسەرکردنی ئەنجامەکانی توندوتیژی، ئەوەش نازانین کا تا چەند توانیویانە سەرکەوتوو بن.» گوتیشی: «کومەڵگەی ئێمە تا ئێستا بە عەقڵییەتی نێر بەرێوەدەچیت، ئەوەش رەنگ و دەنگی لە ناو پەروەردەدا زاڵە. مامۆستا هەن کە خویان پێویستییان بە خولی زانیاریی هزری هەیە، بۆ نموونە، بیستم لە قوتابخانەکی تێکەڵاو کە مامۆستا بیەوێ سزای قوتابییەکی (کەڕ) بدات، دەیبات لە رێزی کچان دایدەنێت، ئەوە کارەساتە و ئا بەم شێوەیە منداڵ لەسەر جیاوازیی رەگەزی پەروەردە دەکرێت. دەبوا وەزارەتی پەروەردە پەنا ببەن بۆ کەسانی زانستزانی جڤاکی بۆ ئامادەکردنی شێوازێکی هاوچەرخی پەروەردەیی، ئەمەش ببێتە مەنهەج کە نابێت مامۆستا بە ئارەوزوی خۆی شێوازەکە تێك بدات. بۆ نموونە، لە ئەڵمانیا قەدەغەیە مامۆستا بیروبۆچوونی تایبەتی بە خۆی بە قوتابی بڵێت، جا ئەو بیرو باوەڕە چ ئایینی بێت، یان حزبی، یان بیروڕای کومەڵایەتی بێت. بەداخەوە ئەمە لە سیستەمی قوتابخانەکانمان نییە. وەزارەتی پەروەردە لە جیاتی ئەوەی شێوازی جیاوازیی رەگەزی چارەسەر بکات، زۆر جار هەوڵی داوە قوتابخانەکانی کچان و کوڕان لە یەك جیا بکاتەوە، ئەوەش گوڕانکاریی ئەرێنی لە ناو جڤاك هەڵدەوەشێنێت و دەیگەڕێنێتەوە بۆ خاڵی سفر. زۆر پێویستە هەردوو رەگەزەکان بە منداڵی یەکتر بناسن و برادەرایەتی و هاریکاری لە نێوانیان پەرە بستێنێ و رێز لە یەکتر بگرن.

لە لایەکی دی، رۆڵی پیاوی ئایینی و مەلایانی مزگەوت زۆرە و دەبێ وشیار بکرێنەوە کە سیستمی دیاریکراوی خوتبەکان دەرنەچن. زۆر جار دەبینین لە خوتبەکانی هەینی مەلایەك باسی هەندێك مەسەلە دەکات، کە نە خزمەتی کۆمەڵگە و نە خزمەتی ئایینێکی پاك و نیشتمانپەروەری ناکات. ئەوانە تا ئێستا هەمان قەوانی بەر لە هەزار ساڵ دووبارە دەکەنەوە و زۆر جار بە رەهایی هزر و بیری تایبەتی خۆیانیش دەخەنە ناوی. ئەمە جگە لەوەی کە دەبێ رێکخراوەکانی مەدەنی بەردەوام لە دژی توندوتیژی گرووپیان هەبێت و بچنە ناو کومەڵگە و وشیاری بە ژن و پیاو بدەن و دەرگایان بۆ هەموو سکاڵایەك واڵا بێت.»

بڵند نەورەس مامۆستای زانکۆیە لە کۆلێژی ئاداب لە زانکۆی سەلاحەدین و سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە «بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی لەسەر هەر ئاستێك و بۆ هەر ماوەیەك بێت، کاریگەریی خۆی هەیە، ساڵانە وەك نەریتێك هەفتەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی بەڕێوەدەچێت، ئەم چالاکییە کرۆکیی کاری مرۆڤانەیە بۆ هوشیاری کۆمەڵگە و دورکەوتنەوەیان لە توندوتیژی، جا توندوتیژی بە هەموو شێوەکانی کە لە نێوان دوو کەسدا دەستپێدەکات، تا دەگات بە کۆمەڵگە. بەڵام ساڵانە هەفتەیەك بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی بەس نییە بۆ کەمکردنەوە، یان رێگریکردن لە بڵاوبوونەوەی توندوتیژی، بەڵکو ئەم پرسە پێویستی بە بەرنامەیەکی درێژخایەنی هوشیاریی گشتی هەیە کە تاك و خێزان بکرێت بە چەق وەك دەروازەیەك بۆ کۆمەڵگە. پێویستە ئەم چالاکییە بەردەوامی هەبێت لە ناو گەڕەك و کۆڵان و ماڵەکاندا بە شێوەی مەیدانی، بەردەوامیش ئامرازەکانی گەیاندن و کەناڵەکانی راگەیاندن کاتی رۆژانەی بۆ تەرخان بکەن و شێوازی هوشیارییەکە لە ئاستێکدا بێت کە بەرکەوتن دروست بکات لە نێوان پەیام و ئامانجەکان و دەروونی خەڵکدا و بە رادەیەك سادە بێت کە هەموو کەس لە مەبەستەکە بگات. لەگەڵ ئەمەشدا پێویستە مامۆستایانی ئایینی و رۆشنبیران و ئەکادیمییەکان هەریەکەو بەپێی کاری خۆی شیکردنەوەی توندوتیژی و زیانەکانی بۆ خەڵك بکەن و هوشیاریی گشتی بڵاوبکەنەوە. لەگەڵ ئەمانەشدا زۆر گرنگە دامەزراوەو دەزگا فەرمییە سەرپشکەکان دەستکراوە بن لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو کەس و لایەن و گرووپانەی توندوتیژی بڵاودەکەنەوە، یان ئەنجامی دەدەن، بە شێوەیەك کە خەڵك لەبەر قورسیی سزاکان سڵ بکەنەوە لە ئەنجامدانی توندوتیژی، بێگومان بە پێی یاسای ڕێپێدراو. بۆیە هەفتەیەك بۆ توندوتیژی لە هۆڵێکی داخراودا و چەند پەناڵێك و سیمینارێك و چاپکردنی چەند پۆستەر و بروشور و هەندێك گرنگیی میدیایی کاریگەرییەکی ئەوتۆی نابێت لەسەر گۆڕینی رەوتی توندوتیژی لە ناو کۆمەڵگەدا، بگرە تەنیا وەك چالاکییەکی میدیایی تێپەڕدەبێت و لە ناوەڕۆکدا هیچ بەجێ ناهێڵێت لای خەڵك، بەڵکو لە رووکەشدا زوم دەکرێت و تەواو. چارەسەری توندوتیژی پەیوەستە بە سایکۆلۆژیەتی تاك و خێزانەوە، بۆیە چارەسەرکردنی پێویستی بە کات و بە زەمینەسازی دەروونی و کۆمەڵایەتی و ئایینی هەیە و دەبێت لە پرسێکی فەرمییەوە بکرێت بە پرسێکی پەروەردەیی هوشیاری. بۆیە ئەو هەفتەی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژییەی کە ساڵانە ئەنجام دەدرێت، نەك بەر بە توندوتیژی ناگرێت، بەڵکو دوورمان دەخاتەوە لە ناوەڕۆکی کێشەکە. لە رووی میدیاییەوە وەك هەواڵ و چالاکی گرنگی پێ دەدرێت، بەڵام لە رووی هوشیارییەوە بنەماکانی پتەو نین، وەك باسم کرد تا کار بکاتە سەر کۆمەڵگە. گرنگە بڵێم هەبوونی لە نەبوونی باشترە، بەڵام دەکرێت زۆر فراوان بکرێت و کاری هەمیشەیی بۆ بکرێت.»

زەینەب رزگار، کارگێڕی لقی کەرکووك (ی.ق.ك)، یەکێکە لەو هەزاران هاووڵاتییەی کە دیدێکی ئەرێنی لە رێکخستنی هەفتەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دەڕوانێت و هەر لەو بارەیەوە دەڵێت: «من بە ئەرکێکی جوان و پیرۆزی دەبینم، چونکە هەوڵێکە بۆ هۆشیارکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگە، بەتایبەتی ئێمەی کورد هەر لە دێرزەمانەوە ئافرەتمان رۆڵ و پێگەی خۆی هەبووە لە هەموو بوارەکانی ژیاندا و جگە لە پەروەردەکردن و پێگەیاندنی نەوەی نوێ، لە کاروباری حوکمڕانییش بەشدار بووە، کە دەتوانین دەیان و بگرە سەدان ئافرەت وەکو نموونە بێنینەوە، بەڵام ئەوەی لێرەدا مەبەستە نەهێشتنی ئەو کولتوورە باوکسالارییەیە لە نێو کۆمەڵگەی کوردەواریدا هەیە، کە رێگرە لە بەردەم پێشکەوتنەکانی کۆمەڵگە». گوتیشی: «پێموایە نابێت هەنگاوەکانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی تەنیا لە چوارچێوەی هەفتەیەکدا قەتیس بمێنێ، بەڵکو بە پێچەوانەوە پێویستە بکرێتە پرۆگرامی خوێندن لە قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتاییەوە باس لە یەکسانبوونی پیاو و ئافرەت بکرێت، هەروەها پێویستە رێکخراوەکانی ئافرەتان و ژنان و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی رۆڵ بگێڕن بۆ هۆشیارکردنەوەی تاکی کۆمەڵگە، چونکە تا ئێستاش بەشێکی بەرچاوی ئافرەتان لەژێر ناو و بیانووی جۆراوجۆر رووبەڕووی توندوتیژی دەبنەوە».

**لە کۆنفرانس و ساڵیادەکان هەندێ وتار دەدرێت، بێ ئەوەی بەڵێنی بەدواداچوونی بدەن، یان راسپاردەی کۆنفرانس و رێورەسمی بۆنەکان دەگاتە لایەنی پەیوەندیدار، بەڵام جێبەجێی ناکان**

**لە قوتابخانەکی تێکەڵاو کە مامۆستا بیەوێ سزای قوتابییەکی (کوڕ) بدات، دەیبات لە رێزی کچان دایدەنێت، ئەوە کارەساتە و ئا بەم شێوەیە منداڵ لەسەر جیاوازیی رەگەزی پەروەردە دەکرێت**

**وەزارەتی پەروەردە لە جیاتی ئەوەی شێوازی جیاوازیی رەگەزی چارەسەر بکات، زۆر جار هەوڵی داوە قوتابخانەکانی کچان و کوڕان لە یەک جیا بکاتەوە، ئەوەش گوڕانکاریی ئەرێنی لە ناو جڤاک هەڵدەوەشێنێت و دەیگەڕێنێتەوە بۆ خاڵی سفر**